بەناوی یاساوە دەکوژران

نووسینی: یۆران لاگەر

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس

ئەگەر حوکمدراوەکە، جا چ ژن بێ چ پیاو، ئەترەشی چووبێ یا هەوڵی ڕاکردنی دابێ، ئەوەی گەیاندووە کە قەشەکە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئەگەر بە ئارامیی و هێمنی بەرانبەر مەرگ وەستابێتەوە، ئەوا قەشەکە سەرکەوتوو بووە.

قەشەکە بە دیار کۆتەکەوەو حوکمدراوەکەش بە چاوبەستراویی لەسەری، پێکەوە ئایەتی باوکمانیان دەخوێند. جەللادەکە، لە کاتی خوێندنی ئارامی ئایەتەکەدا دەستی خۆی دەوەشاندو قەشەکەش بەوەی دەزانی. ئەوەش بەشداریکردنێکی ڕاستەوخۆی ئیعدامکردنەکە بوو. هەندێ جار، بەشداریکردنەکە بەوە دەگەیشت کە گیراوەکە بگرن، قژی ڕاکێشن و سەری خوار بکەنەوەو بیخەنە ناو کونی کۆتەکەوە تاسەری بۆ تەورەکە ئامادە بێ. سەری و قژیان دەگرت و گوێی لە پاڕانەوەی حوکمدراوەکە دەبوو دەیگوت: " لەڕای خوا، مەردی خوا بن ڕەحمم پێ بکەن و نامەوێ بمرم". قەشەکان، لەو بارودۆخانەدا خوێنیان پێدا هەڵدەپژاو خوێناوی دەبوون و زمانیان بە خێرایی دەهاتە ژووری و دەچووەوە دەرێ و دەموپلیان گۆڕ دەبوو و جەستەکەش وەک لەشی حەیوانی قەسابخانە، لە ناوەندی دوعای "باوکماندا" هەڵدەلەرزی.

تا ١٨ی ئەپریلی ١٨٧٦ ئیعدامکردن لەبەر چاوی جەماوەر، لە سویددا ئەنجام دەدرا. ئەو جارە، جووتێ ئیعدام کردن جێبەجێ کران. (گوستاڤ ئێریکسۆن یەرت) لە لیدەمون، لە دەرەوەی مالمشۆپینگ ئیعدام کراو (کونراد پێتەرشۆن لوندکڤیست تێکتۆریش لە ستێنکوملەی گۆتلاند).

ئەمانە، هەردووکیان لەسەر دزی و کوشتن ئیعدام کران. یەرت بە ئارامیی بەرانبەر مەرگ وەستایەوە، بەڵام تێکتۆر، بە تەواوی شڵەژاو و هەراسان بوو. یەرت بە یەک لێدان سەری پەڕا. جەللادەکە، (یۆهان فرەدریک یورتی) بەهەیبەت بوو. سەرپەڕاندنی تێکتۆر. بەدەستی پێتەر ستەینیکی جەللادی سەرخۆشەوە، کە خەڵکی ڤادستەنە بوو، کارەسات بوو. شەشسەد کەسی گۆتلاندی بۆ دیتنی ئەو ئیعدامکردنە هاتبوون.

جەللادی سەرخۆش، هەر تەوری دەوەشاندو جێی گونجاوی نەدەپێکا. ئەو جەللادە سەرخۆشە، لە پشتی تێکتۆر، لە نێوان هەردوو دەفەی شانی دا. لێدانی دووەم لە ملی دا، بەڵام سەری نەپەڕاند. لە جاری سێیەمدا، جەللادەکە بە چاکی تەورەکەی وەشاند. وەک دەیانگێڕایەوە، ئەوکاتە تێکتۆر هەر لە ترساندا مردبوو.

خوێنەکەو بینەران و جەللادە سەرخۆشەکە، کارێکی وایان کرد کە ئیعدامی ئاشکرا لە سویددا هەڵگیرێت. دوای ئەوە، ئیعدامکردن لە باخچەی بەندیخانەکاندا ئەنجام دەدراو تەنها چەند کەسێکی دیاریکراو بۆ دیرنی بانگهێشت دەکران.

دواهەمین کەس کە لەسویددا ئیعدام کرا، ئەوەش بە مەقسەڵە، ئەندەری پیاوکوژ بوو. چەند ساڵێک پێشتر مەقسەڵەیەک بۆ ئانتۆن نیلسۆن بە رادان درابوو. ئەویش حوکمی کوشتنی بۆ بەندکردن و کاری زۆرەملێی هەتاهەتایی داگیراو ساڵی ١٩١٧ لێبوردنی بۆ دەرچوو. ئانتۆن نیلسۆن، ١٠٢ ساڵ ژیاو ساڵی ١٩٨٩ مرد. یۆن ئەلرید ئەندەرشۆن ئەندەر، دوکانێکی پارە گۆڕینەوەی لە گۆڕەپانی (مالم)، لە ستۆکهۆڵم تاڵام کردبوو و ڤیکتۆریا هێلستێنی سەر قاسەکەشی کوشتبوو. بڕیاری کوشتنی بە سەردا دراو جێبەجێکردنەکەش کرایە ئەرکی گوستاڤ دالمان، کە تا ئەوکاتە ملی پێنج کەسی بە تەور پەڕاندبوو. دالمان، مەقسەڵەکەی پێ دراو ڕاهێنانی سەرپەڕاندنی لەسەر پەیکەری مۆم پێ دەکرد.

جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ هەمان ئەو ڕۆژە، ١٩١٠/١١/٢٣، دانرا کە ئەندەر پەنجا ساڵی پڕ کردەوە. نارەزایی دژی برانتینگ، کە دژی ئیعدامکردن بوو، بەرپا کراو ئاواتەخوازبوون ڕۆژنامەکان، لەبری هەواڵی جەژنی لە دایکبوونی پەنجاهەمین ساڵە، پڕ بن لە هەواڵی ئیعدامکردن. پیاوکوژی وڵات حوکمەکەی لەسەر ئەندەر جێبەجێ کردو ئەوەش دواهەمین کەس بوو کە دەوڵەت کوشتی ساڵی ١٩١٠ حوکمی کوشتن لە سویددا هەڵگیرا.

*سەرچاوە: داگنس ئاربێتە، ژمارەی نۆڤەمبەری٢٠٠٦ *

((هەندێ سەرنج لەسەر پێشینە

مێژوویی و کەلتوورییەکانی سوید))

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، خەڵکی ئەوروپا باوەڕیان بە جادووگەریی هەبوو. لە هەموو ئەوروپادا، کەوتنە ڕاوکردن و گرتن و کوشتنی جادووگەران. گومانیان لە هەموو ژنێک دەکردو نێزیکترین دراوسێ و تەنانەت دایکی خۆشیان بەدەستەوە دەدا. ئەم بەزمە، لەشاخەکانی ئەلپ، لەسویسراوە دەستی پێکرد و وەک پەتا بە ئەوروپادا بڵاوبووەوە. (لێختنستەی) لەهەموو جێیەک خراپتر بوو و لەسەدا دەی دانیشتووان، بە تۆمەتی جادووگەریی سووتێندران. هەموو دانیشتووانی ئەو جێیەش، تەنها دە هەزار کەس بوون. لە وڵاتە کاتۆلیکەکانی لێواری دەریای سپی ناوەڕاست (ئیسپانیاو ئیتالیا و پورتوگال) دوانزە هەزار کەس بە تۆمەتی جادووگەریی درانە دادگە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتۆلیکەکان جادووگەرییان کەمتر بەهەند دەگرت، تەنها سیوشەشیان لێ سووتێندران. بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی سزای جادووگەران بە ئەوروپادا، هەر وەک شۆڕشی هەڵم و ڕۆشنگەری و پیشەسازیی و ڕێنیسانسی دژ بە دەسەڵاتی کەنیسە، بەخێرایی بڵاوبووەوەو تەشەنەی کرد. پێم وایە ئەگەر کارەساتی جادووگەریی ئەوروپای نەهەژاندبا، ڕێنیسانسیش یا دوا دەکەوت یا بەجۆرێکی تر پەیدا دەبوو، ئەگەر نەڵێین تائێستاش پەیدا نەدەبوو. ساڵی ١٢٧٢، یەکەم جادووگەر لە شاری تابووس، لە باشووری فەرەنسا سووتێندراو دوای ئەوە، ماوەی پێنج سەد ساڵ ئەو یاساو سزایانە بەردەوام بوون. ئەو ژنەی یەکەم جار لە فەرەنسادا بەو تۆمەتە سزا درا، ناوی ئەنژیلا دیلابێرت بوو و تۆمەتی ئەوەی بە سەردا درابوو، کە منداڵی خواردووەو لەگەڵ شەیتاندا جووت بووە.

لە ئینجیلدا وا هاتووە: " جادوو، کاری شەیتانە و سزای جادووگەران کوشتنە". ئایەتی ٢٠:١٨ کە دەڵێت: " نابێ لێگەڕێین جادووگەر بژێت". ئەمە بووە بنەماو سزادانی جادووگەران بە گەرمیی وەرگیراو قەبووڵ کراو زۆر کەس بەبێ بەڵگە درانە دادگەو تۆمەتبار کران و کوژران. پێم وایە ئەگەر ئەو ئایەتەی ئینجیل لە قورعاندا بەو ئاشکراییە هەبووایە، پیاوی کورد دوای ژنیان دەبڕییەوە، بەڵام خۆشبەختانە مەلای کورد (اجتنبوا) یان لە قورعاندا بە کوشتن لێکنەداوەتەوە. واشی بۆ دەچم ئەگەر سەلەفییە کوردەکانی ئەمڕۆ دەسەڵات بگرنە دەست، کورد بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەگێڕنەوەو دەیسەلمێنن کە کورد، بەلای کەمەوە دووسەد ساڵ لە دوای ئەوروپاوەیە، بەڵام کورد بەهۆی شێوازی سروشتیی ژیانی و بارودۆخی ناوچەکەیەوە، کە خولقێنەری کەلەپوورەکەین، پێ ناچێ بەرگەی ئەو جۆرە حوکمە بگرێ، مەگەر سەددامێکی کورد حوکمی بکا.

ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی سەریان لە دەرمانی گەلێری و چارەسەری نەخۆشیی دەردەچوو، هەڕەشییەک بوون بۆ بەرژەوەندی قەشەو پزیشکەکان، چونکە قەشەکان لەبری دوعاکردن و سەردانی نەخۆش پارەیان وەردەگرت. لەبەر ئەوە پزیشک و قەشە، دژی ئەو خەڵکە کەوتنە بەرەیەکەوەو دژی جادووگەران کەوتنە خۆو جادووگەریان بە خزمەتکاری شەیتان دایە قەڵەم.

ساڵی ١٤٨٧ کتێبی (چۆن جادووگەر دەستنیشان دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێ و دان بە تاوانی خۆیدا دەنێ) کە یاکۆپ سیرێنگەرو هێنریک کرامەر نووسیبوویان، بڵاوبووەوەو خوێنەری لەهەموو کتێبێکی تری ئەو سەردەمە زۆرتر بوو.

پیاوان لەسەر جووتبوون لەگەڵ ئاژەڵی ماڵیدا، بە مردن حوکم دەدران

ژمارەی ئەو پیاوانەی کە بە تۆمەتی جووتبوون لەگەڵ ئاژەڵدا دەکوژران، دوو ئەوەندەی ژمارەی ئەو ژنانە بوو کە بەتۆمەتی جادووگەریی دەکوژران.

لە یاسایەکی ساڵی ١٧٣٤دا هاتووە: هەر کەسێک لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی یا هەر ئاژەڵێکی بەستەزمانی دیکە جووتبێ، سزاکەی ملپەڕاندنە. ئەوجا سووتاندنی جەستەی ئەو کەسەو ئاژەڵەکەش.

وا باو بووە کە کوشتنی ئاژەڵەکەو سووتاندنی بۆ ئەوە بووە کە بەچکەی نیوەئاژەڵ و نیوە مرۆڤ لەو ئاژەڵە نەکەوێتەوە. کورد گوتەنی: نەکا کوێر نەبێ! لە ساڵی ١٧٧٨ بە دواوە، کەس لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە نەکوژراوەو ساڵی ١٨٦٤ یاسای کوشتن لەسەر جووتبوون لەگەڵ ئاژەڵدا ڕاگیراو لە ساڵی ١٩٤٤ یش بەدواوە، ئەو کارە لە سویددا بە تاوان و بە سەرپێچیکردنی یاسا حسێب نەکرا. بەم دواییانە، خەڵک پەیدابوونە کە داوا دەکەن سێکسبازی لەگەڵ ئاژەڵدا سزای هەبێ.

ژنان بە تۆمەتی جادووگەریی دەکوژران:

جادووگەریی یەکەم جار ساڵی ١٦٦٧ لە گوندێکی خنجیلانەی سویددا بە ناوی (هێری دالن) چەکەرەی کردو ئەمڕۆ وەک خەیاڵۆچکەیەکی ساکاری منداڵانە تەماشا دەکرێ. (یەرتروود سڤێنسدۆتەر) کە کیژۆڵەیەکی یانزە ساڵان بوو، لەگەڵ (ماتس) ی برایدا کە کوڕیژگەیەکی نۆ ساڵان بوو، لە ڕۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا بزنیان دەلەوەڕاند. برگەیەک لە بزنەکانیان ڕەوینەوەو ملیان لە ئاوەکە ناو خۆیان گەیاندە دوورگەیەک. یەرتروود بە براکەی گوت: "لەبەر ئەوەی تۆ لێرە تاکە پیاویت، بڕۆ بزنەکان گل بدەوەو بیانهێنەوە"! ، بەڵام ماتس نەوێرا لە ئاوەکە بدا. لەبەر ئەوە، یەرتروود ملی لە ئاوەکا ناو ڕۆیشت و بزنەکانی هێنانەوە. ئێوارێ، کە گەڕانەوە ماڵێ، ماتس بەلای باوکییەوە دانیشت و لەترسی ئەوەی باوکی بە ترسنۆک لە قەڵەمی نەدا، هێنانەوەی بزنەکانی ئاوها گێڕایەوە: " شەیتان بە هەتوانی خۆی پێی یەرتروودی چەور کردو ئەویش بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت و چوو بزنەکانی هێنانەوە"! باوکیشی باوەڕی کردو مەسەلەکەی بۆ کوێخا گێڕایەوەو هەندێکیشی لێی زیاد کرد. ئەوجا کوێخا هەندێکی تری خستە سەرو بۆ قەشەی گێڕایەوەو هەندەی پێ نەچوو بە شاخ و باڵەوە، هەموو گوندەکە پێیان زانی. بۆ لێکۆڵینەوە بانگی یەرتروودیان کرد. ئەویش هیچی ئەوتۆی لەئایین نەدەزانی، ئەوە نەبێ ئەوەی دان بە گوناحدا بێنێ خوا لێی خۆش دەبێ. دانی پێدا ناو ناوی نۆزدە کەسی گوت کە لەگەڵیدا چوونەتە گردەشین.

بەزمی جادووگەریی ئاوها دەستی پێکردو تەشەنەی کردو خەڵکی لەسەر خرانە ناو ئاگرەوەو هەر کەسەو ئەوی تری بە دەمەوە دەدا.

لە (١٦٠٠ و ١٧٠٠) هەکاندا، شەست تۆمەت لە وڵاتی سویددا هەبوون کە سزایان کوشتن بووە. یەکێ لەوانە جادووگەریی بوو و قەشەکان ئەو حوکمەیان دەدا، چونکە پێیان وابوو جادووگەریی هێزێکی تایبەتە بە ژنانەوە. لەساڵی ١٦٦٨ەوە تا ساڵی ١٦٧٦، واتە لەماوەی دە ساڵدا، سێسەد ژن بە تۆمەتی جادووگەریی لە سویددا کوژراون یا بەزندوویی سووتێندراون. واتە هەر ساڵەو ٣٠ ژن. هەندێ لەو ژنانەی کە لەجادووگەرییان دڵنیا نەبوون، دەهاوێژرانە ناو ئاوەوە: ئەگەر خنکا، ئەوا بێتاوانەو ئەگەر سەر ئاوێش کەوت و نەخنکا، دەبێ بسووتێندرێ، چونکە جادووگەرە! گەورەترین بەڵگە بۆ تۆمەتبارکردنی ئەو ژنانە ئەوە بوو منداڵێکی نابالغ شایەدیی لێ بدا کە بردوویەتیە گردی جادووگەران (گردەشین) یا هەوڵی داوە بیبا. خەڵک باوەڕیان وا بووە کە جادووگەران بە سواری گسک دەچوونە ئەوێ و منداڵانیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد تا لەگەڵ شەیتاندا ئاهەنگ بگێڕن. ساڵی ١٨٥٨ لە ناوچەی (داڵەرنا)ی سوید، هەشتا تا نەوەد کەس سوێندیان خواردبوو گوایە بەخۆیان چوونەتە گردەشین.

گردەشین کە دووگەیەکە کەوتۆتە سەرەوەی ئویلاندەوە، ئێستاش ماوەو چەندین قوتابخانەو دایەنگەو باخچەی منداڵان، ئەو ناوەیان لێ دەندرێن و سوییدییەکان نەک هەر شەرمیان پێ نایێ، بگرە وەک کەلەپوورێکی کۆنی خۆیان، شانازیشی پێوە دەکەن.

ساڵی ١٧٥٧ دواهەمین پرۆسەی یاسایی بە تۆمەتی جادووگەریی لە دژی چەند ژنێک ئەنجام دراو ساڵی ١٧٧٩، سزای جادووگەریی لە یاسای سویددا بۆ هەمیشە هەڵگیرا.

ئەو داستانانەی کە بۆ جادووگەریی و گردەشین هەڵبەستراون، لەسەرەتاوە لە ڕێی ئەڵمانییەکانەوە هاتۆتە ناو سویدەوە. دواتر، هەمان ئەڵمانیا، تەکنیک و پیشەسازیی بۆ سوید گواستۆتەوەو ئێستاش زۆرینەی هەرە زۆری زاراوە پیشەسازییەکان لە زمانی سوییدیا، لە بنەڕەتدا ئەڵمانین. سوییدیش، کە لەساڵی ١١٠٠ دا ئایینی مەسیحی پێ گەیشت و تا ئەوکاتە لەسەر ئایینە پڕ لەداستانە کۆنەکەی خۆی مابۆوەو ئێستا لە لوتکەی دیموکراسیدایەو یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان، ئەوە بناغەکەی بوو.

زۆرینەی ئەم زانیاریانەم لە ئینتەرنێت وەرگرتووە.
kakaways@hotmail.com

دەروون

دونیا

ئەمریکاو کوردو حەماس

لەناوچەی گەرمیانی کەرکوک دەرەبەگێک هەبوو کە هەم ئاغابوو هەم شێخ بوو. ئەو پیاوە دنیای زۆر بە فشە گرتبوو، زۆر حەزی لەیاری کاغەزو خواردنەوەی شەوانەبوو، دیوەخانەکەی هەمیشە میوانی تیابوو بەتایبەت پیاوانی حکومەت، هەندێ یاسای تایبەتیشی هەبوو بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی، جاری واهەبووە ئەو یاسانە شمولی مەلای گوندیشی کردووە کە نۆرەی هاتبایە لەدیوەخان دەبوایە(مەقامێکی) بگوتایە. لەبەر ئەوە هەموو پیاوێک لەگەڵیا ئیدارەی نەدەکرد. ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمریکا بوونە بەو ئاغاو ناوچەیەی ئەوکاتە، ئەمریکاش ڕاستە خۆش مەشرەب و خۆش مەجلیسە کاتێ باسی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیەت دەکات، بەڵام کە دێتە سەر باری ڕاستی، ئەگەر لە دیوەخانەکەیدا مەقام نەڵێی ئەوا جێت نابێتەوەو دەچیتە بەرەی دوژمن و تیرۆریستانەوە، یان هیچ نەبێ کۆمەڵێ کێشەو سەرئێشەی وات بۆ دروست دەکات کە مەجبورت بکا ڕازی بیت بەوەی کە ئەو دەیڵێ و دەیەوێت. کێشەی عەرەب و ئیسرائیل ئەوەندە درێژەی کێشاو ئەنجامی نەبوو، ئەوەندە پشتگیری لەئیسرائیل و چاوپۆشی لەرەشەکوژییەکانی کرا، ئەوەندە (عەرەفات) و هاوڕێکانیان نازدارو (مودەلەل) کرد هەتا گەندەڵێ سەرتاپای ڕێکخراوی (فتح) ی گرتەوەو خەڵکی لێی بێزار بوون و لەئەنجامدا ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەوی وەکو (حەماس) توانی لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و حکومەت پێک بهێنێ. (حەماس) ئەگەرچی وەکو فیکر زۆر توندڕەوانە بیر دەکاتەوەو وەکو نەتەوەش شۆڤێنیانەیە. بە گوێرەی ئەوەی کە ناو بەناو زەمی کورد دەکەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەبوایە ئەمریکا لەبەرخاتری چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی کێشەی بۆیان دروست نەکردایەو هەوڵی ئارام کردنەوەی ڕەوشەکەی بدایە، بەڵام دیارە حەماس (مەقام) نازانێ بۆیە وای لێ دەکرێت. ئەوەی کە سەیرە لە عێراق و کوردستان ڕەوشەکە بە دیوێکی دیکەدا کەوتووە، ئێمە نەک (مەقام) بەڵکو چەپڵەشمان لێداو هەندێ سەمای بالیەشمان لەگەڵدا کرد، کەچی وا دەردەکەوێ سوودی نەبووەو جێی نەگرتووە، یان سەمای تورکی و عەتابەی عەرەبی لەو ڤیستیڤاڵە ئەمریکییەدا یەکەم بوونە، بۆیە خەریکە خەڵات بەوان دەدرێ و ژیان لەئێمەش ئاڵۆز دەکەن. لەمەوە مرۆڤ دەگاتە بروایەک کە ئەگەر ئەمە دیموکراتی بێت ئەوا تەنها شمولی خۆیان دەکات نەک کورد و حەماس.